پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر ئێوارى بەسەردا بهاتايه دەيفەرموو: (أمسينا وأمسى الملك لله، والحمد لله، لا إله إلا الله وحده لا شريك له)

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر ئێوارەی بەسەردا بهاتايه دەيفەرموو: «(أمسينا وأمسى الملك لله، والحمد لله، لا إله إلا الله وحده لا شريك له)*». گێڕەرەوەی فەرموودەکە دەڵێت: پێم وابێت هەروەها فەرموویەتی: «(له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير، ربِّ أسألك خير ما في هذه الليلة وخير ما بعدها، وأعوذ بك من شر ما في هذه الليلة وشر ما بعدها، رب أعوذ بك من الكسل، وسُوءِ الكِبَرِ، رب أعوذ بك من عذاب في النار، وعذاب في القبر)**»، وئەگەر بەیانی بەسەردا بهاتايه هەمان شتی دەفەرموو: «(أصبحنا وأصبح الملك لله)^». *(واتە: ئێوارەمان بەسەردا هات، وئێوارە هات هەموو مولْکێک هەر بۆ خوای گەورەیە، وحەمد وسوپاس بۆ خودا، وهیچ پەرستراوێک هەق وِراست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە اللە، خودا تاکە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە)، **(واتە: هەموو شتێک مولْکی ئەوە (ئەو خاوەن هەموو مولْکێکە)، وحەمد وسوپاس بۆ ئەو زاتە، وئەو لەسەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداڕە، خودایە داوای هەموو خێرێکت لێدەکەم کە لە ئەم شەوەدا ڕووەدات وئەو خێرەش لە پاش ئەم شەوە دێت، وخودایە پەنات پێدەگرم لە هەموو شەڕ وزیانێک کە لە ئەم شەوە ڕووەدات، ولە ئەو شەڕ وزیانەش لە پاش ئەم شەوە دێت، خودایە پەنات پێدەگرم لە تەمەڵی (لاوازی)، ولە شەڕ وزیانی بەتەمەن بوون (پیربوون)، وخودایە پەنات پێدەگرم لە سزای دۆزەخ ولە سزای ناو گۆڕ)، ^(واتە: بەیانیمان بەسەردا هات (وبەیانی هات وهەموو مولْکێک هەر بۆ خوای گەورەیە

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لە سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە بوو ئەگەر بەیانی وئێوارەی بەسەدا بهاتايه ئەم نزا پیرۆزانەی دەخوێندە: شیکردنەوەی واتای نزاکە: (أمسينا وأمسى الملك لله : ئێوارەمان بەسەردا هات، وئێوارە هات هەموو مولْکێک هەر بۆ خوای گەورەیە): واتا چووینە کاتی ئێوارەوە وبەردەوام هەموو مولْکێک هەر بۆ خوای گەورەیە وئەو خاوەنیەتی وتایبەتە بە ئەو زاتە مەزنە. (والحمد لله: وحەمد وسوپاس بۆ خودا) واتا هەموو حەمد وسوپاسێک تەنها بۆ خودا، حەمد وسوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئێوارەمان بەسەردا هات وزانیمان هەموو مولْکێک بۆ خودایە وحەمد وسوپاس تەنها بۆ ئەو نەک بۆ هیچ کەسێکی تر. (لا إله إلا الله وحده لا شريك له: وهیچ پەرستراوێک هەق وِراست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە اللە، خودا تاکە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە): واتا (الله) تاکە لە خودایەتی - ئولوهیەت- وپەرستنیدا؛ هەروەکو چۆن لە مولْک وپەروەردگاریتیدا هیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە بەهەمان شێوە لە خودایەتیدا -لە پەرستنیدا- هیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە. (ربِّ أسألك خير ما في هذه الليلة: ، خودایە داوای هەموو خێرێکت لێدەکەم کە لە ئەم شەوەدا ڕووەدات): واتا مەبەستم ئەو خێرانەیە کە لەوەیە لە ئەم شەوەدا ڕووبدات. (وخير ما بعدها: ئەو خێرەش لە پاش ئەم شەوە دێت): وئەو خێرانەش کە لەوەیە ڕووبدات وجێگیر بێت لە پاش ئەم شەوە. (وأعوذ بك من شر ما في هذه الليلة وشر ما بعدها : وخودایە پەنات پێدەگرم لە هەموو شەڕ وزیانێک کە لە ئەم شەوە ڕووەدات، ولە ئەو شەڕ وزیانەش لە پاش ئەم شەوە دێت): واتا لەو شەڕ وزیانانەی کە لەوەیە لە ئەم شەوە تووشم ببێت کە زیان بە ئایندارى ودونیام بگەیەنێت. (رب أعوذ بك من الكسل : وخودایە پەنات پێدەگرم لە تەمەڵی -لاوازی-): واتا لە قورسی لاشە بۆ ئەنجامدانی پەرستنەکان ئەگەرچیش لاشەم توانای هەبێت، ئەمیش بەهۆی ئەوەیە کە نەفسی هان نەداوە بۆ ئەنجامدانی خێر وچاکە ئەگەرچیش لە ڕووی لاشەوە توانای هەیە. (وسُوءِ الكِبَرِ : ولە شەڕ وزیانی بەتەمەن بوون -پیربوون-): واتا لە شەڕ وزیانی کاتی بەتەمەن بوون وپیر بوون وخڕف بوون کە لەم تەمەندا مرۆڤ زۆرجار تووشی خڕف بوون ولە بیرچوونەوە دەبێت وهەروەها لاشەی لاواز دەبێت؛ کە لێرەدا تەمەن ڕێگا نادات بەوەی ئامانجی ژیان جێبەجێ بکەیت کە بریتیە لە فێربوونی زانستی شەرعی وکردەوەی چاکە بەهۆی لاوازی ئەقڵ وتوانا، ومرۆڤ کەمتەرخەم دەبێت لە ئەنجامدانی پەرستنەکان وکردەوە چاکەکان بەهۆی خراپ بوونی

حاڵ وتەندروستیەوە، هەروەها وشەی (الكِبْر) بەم شێوەیەش هاتووە لە هەندێک گێڕانەوەدا کە پێتی (ب) -سکون- لەسەرێەتی بە مانای فیز زلی ولەخۆ دەرچوون دێت کاتێک بەهۆی زۆری نیعمەتەوە مرۆڤ تووشی شانازی وخۆبەگەورەزانین دەبێت بەسەر خەڵکیدا، (رب أعوذ بك من عذاب في النار، وعذاب في القبر : وخودایە پەنات پێدەگرم لە سزای دۆزەخ ولە سزای ناو گۆڕ): ولە ئەو شتانەش کە دەبنە هۆی تووشبوون بە سزای دۆزەخ وسزای گۆڕ، وهەروەها ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر بوونی سزای ناو گۆڕ؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە ئاشکرای دەستەواژەکە باسدەکات -عذاب القبر:سزای ناو گۆڕ -.(إذا أصبح : ئەگەر بەیانی بەسەردا بهاتایە): واتا ئەگەر بەیانی بەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بهاتایە. (قال ذلك أيضا : هەمان شتی دەفەرموو): واتا ئەوەی لە ئێوارەدا دەیخوێند لە بەیانیدا هەمان شتی دەخوێند، بەڵام لە جیاتی (أمسينا وأمسى الملک لله) دەیفەرموو (أصبحنا وأصبح الملك لله) لە جێگای شەو ڕۆژی دادەنا لە خوێندەوەکەیدا، وپاشان تەواوی نزاکەی وەکو ئەوەی ئێوارە دەخوێند.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3008